www.kurdistannet.org
23-4-2003 20:03

# عێراقی دوای سەددام و چارەنووسی کوردستان

خەتاب سابیر

سەرەنجام حکومەتی بەعس و سەددام حوسێن، بە زەبری تەکنەلۆجیای سەربازی و کەڵەگایی و بوغرایی سوپای ئەمریکاو بەریتانیا کرایە دوو توێی مێژووەوەو بە قوژبنێکەوە لکێنرا، ٣٥ ساڵە عێراق قازانێکە بەسەرقاپی بەعس داپۆشراوەو مرۆڤی عێراقی تیا دەکوڵێنرێت، ٣٥ ساڵە ڕژێمی گۆڕکراوی بەعس ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی گەلی عێراق کەڕەتی مەرگ دەکات. بە پێی ئامارە سەرەتاییەکان پتر لە یەک ملیۆن و نیو مرۆڤی عێراقی لە گرتووخانەکان و قەسابخانەکان ئۆپەراسیۆنەکان و ئەنفالەکاندا تیاچوون. دارایی وڵاتی عێراقیش دەکرایە گەرووی کۆمپانیا سەربازییە بیانییەکان و سوپاکەی سەددام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی و خۆشگوزەرانی سەرانی بەعس بە گشتی و، (خێزانە تکریتی و سامەڕائییە خێڵەکییەکان و سەددام و کوڕەکانی و براو ئامۆزاکانی) بە تایبەت.

ئەوە لە هیچ کەس شاراوە نییە کە ڕووخاندنی بەعس فری بەسەر ڕزگارکردنی عێراقە نەبوو، بەعسێک لەماوەی تەمەنیدا بە پرسی ئەوان و بەبەرچاوی ئەوانەوە عێراقی کردبووە گۆڕستانێکی شێنەیی بۆ عێراقییەکان، وەکو مێش و مەگەز ژاربارانمانی دەکرد، وەکو ئاژەڵ بە جەڵەب دەیناردینە قەسابخانەکانەوە، وەکو دەعبای زیانبەخش دەیکردینە پلە گۆشتی بەر ڕاکێت و تانک و تۆپ، یان لەتەلبەندەکانی نەگرۆسەلمان و زیندانە نووتەکەکاندا دەیکردینە خۆراکی حەلاج و سەگە ڕەشەکانی، سەرەڕای هەڵهاتنی پتر لە ٤ ملیۆن عێراقی و بوون بە ئاردی ناو درک، بە سەر زۆرینەی وڵاتانی دونیادا. جگە لەو هەموو مووسیبەتە زۆرانەی بەعس بە سەر سەری خەڵکەوە، پتر لە ١٢ ساڵیشە بە ناوی گەمارۆی ئابوورییەوە لە سەر حکومەتی بەعس، پتر لە یەک ملیۆن ونیوی تر لە خەڵکی خێر لە خۆنەدیوی عێراق بە پێی ئامارەکانی یوئێن، لە بێ دەرمانی وبەدخۆراکیدا سەریان ناوەتەوە. بە جۆرێک حکومەتی بەعس و گەمارۆی ڕۆژئاواییەکان بوبوون بە کۆکتێلی مەرگ بۆ جەوانان و پیر و منداڵانی عێراق.

ئەوەی کە جێگەی سەرنجی وردە بۆ هەر چاودێرێک ئەوەیە، کە تا بە غدا نەگیرابوو، سەری زمان و بنی زمانی ڕۆژنامەو رادیۆو کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان ئەوە بوو، کوان گاردی کۆماری و سوپای خاراوی عێراق، بەڵام هەر پاش ڕێکەوتنە ژێربەژێرەکەی گاردی کۆماری و ئەمریکا بۆ دانەدەستەوەی بەغدا بە بێ بەرگری، ئیترنەماسمیدیاکان ونە کەس لە سوپای عێراق و گاردی کۆماری و گاردی کۆماری تایبەتیان نەپرسییەوە، وەکو ئەوەی کە زەوی قوتی دابن و ڕۆڵێکیان نەمابێ، تەنها ئەگەر قسەیەکیش بکرێ لە سەر میلیشیاکانی عودەی دەکرێ، کە ناسرابوون بە فیداییەکانی سەددام. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سیناریۆیەکی درەنگوەخت لە ئارادا بوو بۆ پاراستنی سەری سەددام و کوڕەکانی بەرامبەر بە هاتنە ناو بەغاوە بێ شەڕ و دواتریش هەموو شارەکانی تر، جا ئەگەر ماهیر سوفیان ئەو ژێربەژێرەی کردبێ، یان هەر کەسێکی نزیکی سەددام، وەتەنانەت سەددام خۆشی ئەو کارەی کردبێ، ئەوا هیچ لە مەسەکە ناگۆڕێ، سەرکەوتنی هاوپەیمانان مسۆگەر بوو، سەددامیش کوژراوە، زیندووە، دەیگرن و بەڵێنەکەی خۆیان دەشکێنن، یا چاوی لێدەپۆشن لە هەموو ئەمانەدا سیناریۆیەکی قێزەون لە ئارادا بوو، سەرەنجامیش بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە پێش هەر شتێکەوە دانرابوو. لە سەرەنجامدا ئەمریکا بە بێ شەڕ هاتە ناو بەغداوەو سیمبوڵی ڕژێمی بەعس کرایە ژێر پێوەو سوپا دڕندەکەی بەعسیش، ئەو سوپایەی کە هەر بە گیان خەڵکی عێراق و گەلانی بێ تاوانی عێراق دڕ بوو، ئەو سوپا سەدان هەزار سەربازەی سوپای قادسیەکان و ئوملمەعاریک وحەواسم جگە لەو تاکوتەرا تانک و زرێپۆش و تۆپانەی لێرەو لەوێ بەجێمان، بەشی هەرەزۆری ئامێرەکانی بردرانە دەشتەکانی تکریت و ڕومادی و سامەڕاوە، ، تا سوپا گورگان خوارد نەبێت، تا تانک وتۆپەکانی نە دەست خەڵکی خوارووی عێراق بکەون کە شیعەن، نە خەڵکی کوردستانیش، بەڵکو ئەمریکییەکان وەکو چاویان پاشماوەی ساغی سوپای بەعس دەپارێزن و سبەینێش دەیدەنەوە دەست ئەو حکوومەتەی کە ئەمریکییەکان دەیانەوێ حوکمی عێراقی پێ بکەن.

ئێستا ئەمریکای فریادڕەس بە ئاشکراو بێ شاردنەوە، خەریکی ئەوەیە چاڵە نەوتەکانی عێراق بە کۆنتەرات بەشی شێری بدات بە کۆمپانیاکانی خۆیان و بنکرەکەشی بۆ بەریتانیاو هاوپەیمانەکانی تر، ئەمریکا سەرگەرمی بەگەڕخستنەوەی پەمپی نەوتەکانە، کەمتر گوێ دەدات بە ئاووکارەباوپرۆژە خزمەتگوزارییەکانی تر ئەمریکا بۆ ئەوە نەهاتووە کە عێراق ئازاد بکات و بیداتەوە دەست عێراقییەکان وەکو بلێروبۆش دەڵێن، ئەمریکا بۆ چەندین ساڵ دەمێنێتەوە، ڕاستە بەم شێوە بەرچاوو زۆرە نامێنێتەوە، بەڵام بە کۆمەڵێ بنکەی سیخوڕی و هێزێکی سەربازی کەم لە سەربازگەکاندا دەمێنێتەوە، ئەمریکا دەیەوێ ئابوورییەکەی بە نەوتی عێراقەوە بخاتەوە گوڕی جارانی و ئەو سەدان بلیۆن دۆلارەی عەجزی ئابووری ساڵانەی پێ پڕ بکاتەوە، لووتبەرزی سەربازی خۆی پیشانی هەموو دونیا دایەوەو پەیامی گوورچک بڕی (کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە) ی دایەوە بە گوێی ڕژێمە دیکتاتۆرو تۆتالیتارەکاندا، ئەمریکا هەروەکو وێردی زمانی سادەی خەڵکی، بازرگانێکی چاوچنۆکە، گەر دەیان بلیۆن دۆلاری لە شەڕی عێراقدا خەرجکرد، بە دڵنیاییەوە سەدان بلیۆن دۆلار نەچنێتەوە ئەم قومارەی ناکرد.

ئەمریکا ئێستا سەرکەوتوو لەشەڕ هاتە دەر بەکەمترین زیانی گیانی و ماددی، ڕیکۆردێکی نوێی لە یەکێک لە سەرکەوتووترین ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی مێژووی کۆن و نوێ هێنایە ئەژماردن دیارە بە پشتیوانی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵ و هەرە پێشکەوتوو نوێ لە بواری سەربازیدا، بەڕادەیەک ڕۆڵی مرۆڤی بەرکەنار خستبوو، هاوکاتیش یەکێک لە گەوهەرترین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەندی خستە ژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیاکانی خۆیەوە، لە کاتێکدا بەپێی یاسای نێودەوڵەتیش هیچ هێزێک جگە لە حکومەتی هەڵبژێردراوی خەڵکی عێراق مافی ئەوەی نییە کە کۆنتراکتی بوژاندنەوەو بنیاتنانەوەی عێراق بکات، کەچی حکومەتی ئەمریکا ئەم کارە بە ملهوڕی دەکات و هیچ هێز و دەوڵەتێکیش نییە بلێ لەل، لە ڕاستیدا ئەم ملهوڕییەی ئەمریکا کەسەرانی پنتاگۆن لەزەتی لێوەردەگرن، لە کورت ماوەدا شانوشەوکەتی ئەمپریالیزم لە چەشنی دەیناسۆرێکی زامداردا لە دونیای بازاڕی ئازادو عەولەمەدا ڕادەوەشێنن، بە تایبەتیش لە کەنداوی فارسدا کە شادەماری نەوتی دونیایە.

ڕاڤەکردنی ئەم پۆزەی ئەمریکا بۆ مانەوەی لە عێراقدا بە بیانووی ئازادی سەقامگیرکردن لە عێراقدا، کاتییەو هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرینەی گەلی عێراق گەلێکی برسییەو دوازدە ساڵە سکی دەقۆڕێنی لەبرسا، هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرنامەی نەوت بە خۆراک پشت و سکی نووساویانی لێک جودا کردەوە، بەواتایەکی تر گەلانی عێراق تاسەر چاوشۆڕی ئەمریکا نابن هاوپەیمانان خۆشیان ئەمە باش دەزانن، بۆیە هەر لەئێستاوە لە هەوڵی ئەوەدان درێژترین ماوە سوودمەند بن لە پترۆڵی عێراق و لەوێشەوە دەست بکەنە ناو ئۆپێک وبازاڕی نەوتی جیهانییەوە، پاکانەی یاسایی و زیگزاکی چۆنێتی مانەوەیان دەکەن بە وردەکارییەکی زۆرەوە.

گەلانی عێراق سی وپێنج ساڵی ڕەبەقە زووخاوی بەعس دەخۆنەوەو بیست وپێنج ساڵیشە سەددام بۆتە مۆتەکەیەک کە پەیامی ستەمی ئەزەلی ڕواندبوو لە هەستی عێراقییەکاندا، بۆیە لەئێستادا تا ئۆخەیەک دێتەوە بە زامی قووڵ و دێریانیاندا، لە داگیرکردنی ئەمریکییەکان چاو دەپۆشن کەم تا زۆر، هەرچەندە هەر لەئێستاوە شەپۆلی نارەزایەتی و خۆپیشاندان لە دژی ماریترەکان دەستی پێکردوەو سەرەتایەکی بەتەوژمیشە. ڕاستییەک هەیە ئەوەیە کە خەڵکی عێراق بە گشتی شارەکانی بەغداو بەسرەو ناسریە پاشخانێکی شارستانی و سیاسی مەزنیان هەیە و بە سەرەنێزەو بە کولتوری سی وپێنج ساڵی بەعس ڕاو نەکرا، بۆ هاوپەیمانان و پیاوەکانی سی ئای ئەی زۆر زەحمەتە دەستەمۆ بکرێت، ئێستا ئیتر شەپۆلی جۆرێک لە ئازادی باوەشێنی زۆر ڕەهەندی کۆن و نوێ دەکات، شارێکی لانی کەم، پێنج ملیۆنی وەکو بەغدا کە کە دەیان هەزار هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی باڵاو مامۆستای زانکۆو سیاسی ونووسەرو ئەدیب وهونەرمەندو. . . . هتد تیایە جگە لە سەدان هەزار ئازادیخوازی ئازادی نەدیو کە خوێنیان تەوژم دەدات بۆ ئازادی، سانا نییە بە ئەمریکاییەکان و پیاوەکانی چەلەبی و کۆنە موخابەراتی و ئیسلامییەکان جڵەوبکرێن. خەڵکی عێراق داگیرکردنی عەنتەریانەی ئەمریکا هەرس ناکات و داهاتووش ئەم ڕاستیانە بەدەردەخەن.

لەسەراسەری عێراقدا جڵەوی نارەزایەتی خەڵکی عێراق بەدەست هێزە ئیسلامییەکانەوەیە بە پلەی یەکەم، دوای ئەوانیش لیبراڵەکان و چەپەکان، کەدیارە بە دیاریکراوی مەبەستم لە حیزبی شیوعی عێراقییە کە ڕەگوڕیشەی

www.kurdistannet.org
23-4-2003 20:03

کۆنی لەناو جەماوەرێکی بەرچاودا هەر ماوە. بەلاّم لە کوردستان جڵەوی ئیرادەی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بە دەست یەکێتی وپارتییەوەیە، دوو هێزی دەتوانم بڵێم نامۆش بەکەلتووری ناسیۆنالیستی کورد، ئەم دوو حیزبەی بزاڤی کوردایەتی زۆر ڕەزیل و پانکەرەوە خۆیان دەنوێنن بەرامبەر ئەمریکا و تۆرانییەکان، ساتوسەودای زۆر نهێنیێ سامناک لە گەڵ کۆنەپەرستانی ناوچەکە و دەزگا موخابەراتییەکانی ولاّتانی ناوچەکە دەکەن بۆ پاراستنی هەرەمی دەسەلاّتی خێڵەکی خۆیان، سەیر لەوەدایە ئەمریکا هیچ بەهایەکی ئەوتۆشیان بۆدانانێت کە پاداشتی ئەو هەموو خۆهەڵواسین و خۆبەهیچ نەزانینەیان بۆ بکات، ئێستاشی لەگەڵدابێت زیاتر حیساب بۆ ئەنجومەنی بالاّی ئیسلامی دەکات تا ئەمان، ئەمان هیچ مەرجێکیان بەسەر ئەمریکییەکاندا نییەو زۆر بەشلی ئیرادەی خۆیان داوەتە دەست گارنەر، لە کاتێکدا ئاسایشترین ناوچە بۆ ئەمریکییەکان لەناو هەموو ناوچەکانی عێراقدا کوردستانە، لە باری واقیعیشەوە زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە ناخەوە ئەمریکییەکانیان خۆش دەوێت، لانی کەم دڵنیا بوون لەوەی سەری سەددام بەئەوان نەبووایە پاناکرایەوە،

لە سەر زەوی و واقیعیش یەکێتی و پارتی هەرچەندە ئەم پاشکۆییەیان بۆ ئەمریکا چەند بارە دەکەنەوە و، لە پێشبڕکێی ئەوەدان کە کامیان زیاتر گوێڕایەڵ و بەکەڵکترە بۆ نەخشەو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بەلاّم هەروەکو دوو هێزی میلیشیایی و نامۆدرێن لەلایەن ئەمریکاوە دێنە ئەژماردن و تەنانەت دەنگۆی ئەوەش هەیە لە هەندێ سەرچاوەوە کە لەماوەیەکی تردا چەکدەکرێن و بەرامبەر چوونە ناوەوەی هەندێ ئەفسەریان بۆ سوپای داهاتووی عێراق. لەلایەکی ترەوە کردەوەی قێزەونی هێزی ئارئار (ڕاووڕووت) ی ئەم دوو لایەنە لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان گەواهی ئەوەدەدەن کێن ئەمانە، چەندێک بە تەنگ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانەوەن لە گەمە سیاسییە هەنووکەییەکاندا، شەڕی شاراوەو ئاشکراشیان لەسەر کەرکوک کە لەگوندی حەسارەوە دەستی پێکرد لەکەس ناشاردرێتەوە، کار گەیشتووە بەوەی کە بیانەوێ سەرلەنوێ وەکو پیشەی چەند ساڵەیان بەرە لەژێر پێی یەکتردا ڕاکێشن، سەرەتای تراژیدیایەکی تر ڕەنگ بڕێژن، هەرچەندە چەند ڕۆژێکە لە ژێر فشاری خەڵک و کەسایەتی و لایەنەکانی تردا شێنەیی تر خۆیان پیشان دەدەن پاش ئەوەی کە هەردوو پارێزگارەکەی یەکێتی و پارتیش لادرا لەلایەن دەسەلاّتی ئەمریکییەکانەوە، کەهۆی سەرەکی فشاری تورکیا و ناتەبایی خۆیان بوو.

پارتی لەوەدا ڕاست دەکات کە بەڵێنی خۆیان بەهاوپەیمانان نەشکاند، هەرچەندە کەم وزۆر هێزیان چووە ناو کەرکوکە، بەلاّم یەکێتی بە هەزارانی لە هێزەکانی ناردە ناو کەرکوکەوەو ئەمەش پارتی قەڵس کردو ڕۆژنامەی برایەتی بەئاشکرا سەروچاوی دابەیکدا، پرسیارەکە لێرەدایە بۆ ئەمە ڕوویدا، بۆ دەبێت خەڵکی کوردستان لەم ژێربەژێرو پاشەقولەی ئەمانە نەکۆڵنەوە. کێشەی ئەم دوو حیزبە و پەیوەندی بەکەرکوکەوە بەبڕوای من لە چەند خاڵێکدا پوخت دەکرێتەوە.

١- پێش ئازادکردنی کەرکوک لەلایەن خەڵکەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە تورکیا چاوی سووردەکردەوەو پارتی بانگەوازی بوون بەلەمپەری لەبەردەم تورکیادا ڕادەگەیاند، یەکێتی بە پشت وپەنای بەرەی میتی تورکمانی خۆی خۆشەویست دەکرد لای تورکیا و گفتی ئەوەی داوە کە یەکێتی لەپارتی باشترە بچێتە لانی کەم دەوروبەری کەرکوک و زیاتر بە تەنگ تورکمانەکان و بەرەی تورکمانییەوە دێت، وەکو پارتیش چنۆک نییە بۆ دروشمی گەورەوسنووری کوردستان. . . . هتد. بەدیوەکەی تردا یەکێتی لە هێزێکی ناسیۆنالیستی کوردەوە لای تورکیا خۆی کردبووە ڕەقیبێکی تەواوی پارتی، دۆستی تورکمانەکان و ئاسایش پارێز و گوێڕایەڵ و سەرلەقێن بۆ مەرجەکانی تورکیا، بەدەر لەوەی لای ئەمریکییەکانیش خۆی هەرزانفرۆشتر کرد.

٢- یەکێتی دەمێکە بەشوێن هەلێکی ئاوهادا دەگەڕێ، بۆ لانی کەم سارێژ کردنەوەی ئەو لاسەنگییەی کەبەسەریدا سەپێنرا لە ٣١ی ئابدا، لە باری سەربازییەوە وەکو هێزێکی کارامەو چاپوک و مەیداندار خۆی نمایش بکات و لەباری جوگرافیشەوەبەشێکی زیاتری خاکی کوردستان ئەوبەشەی لەژێر چەکمەی بەعسدا بوو بکەوێتە قەڵەمڕەوو ڕکێفی خۆیەوەو کە زۆرترین شارو شارۆچکەی کوردستانی گرتەوە تا نزیک بەدرەوجەسان بە بەراورد لەوەی کە پارتی تیا قەڵەمڕەوە شوێنێکی ستراتیژی وەکو کەرکوکیش زیاتر مۆرکی ئەوی پێوە دیار بێت.

٣-      لەباری مێژووییەوەو بە دیاریکراویش لەدوای ئاشبەتاڵەوە کەرکوک لە چوارچێوەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی و هەڵسووڕانی ئەودا بووەو زۆرترین خەڵک وڕێکخستنی لەکەرکووکدا هەبووەو زۆرترین ژمارەی پێشمەرگەی کەرکوکی لە ناو یەکێتیدایە بە بەراوردکردن لەگەڵ پارتیدا، ئەمە ڕاستیشە بۆ ڕاپەڕینەکەی بەهاری ٩١ یش، هەروەها هێزەکانی یەکێتی زۆر لەمێژە کەرکوک بە هی خۆیان دەزانن وئەمجارەش کە ویستیان قۆرغی بکەن لەسەر حیسابی پارتی، هەر لەم ڕووانگەیەوە بوو. بە پەلە زۆرترین ئاسایش وپۆلیس و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی سلێمانیان برد وپارێزگاری خۆشیان بردە ناو پارێزگاوە، ڕۆڵێکی زۆر کەم و تەسکیان بۆ حکومەتی هەرێمی هەولێر هێشتەوە، کارەکان هەمووی بە داڕێژراوی دانرابوون و سکرتێری گشتی یەکێتیش حاکمی دەست واڵا بوو، .

ئەم کێشمەکێشەی نێوان پارتی و یەکێتی، پاشخانێکی کۆنی هەیەو بەبڕاوای من تا بنەماڵەی بارزانییەکان کوڕاوکوڕ دەسەڵاتی ڕەها بگوازنەوە و تاڵەبانی چ وەکو دەسەڵاتی پانوپۆڕی خۆی لەیەکێتیداو بەچاولێکەریش لەسەرانی ناوچەکەو پارتی، کوڕەکانی خۆی بەرجەستە بکات، ئەم پشێویە هەمیشە ڕوو لە هەوراز دەبێت و خەڵکی کوردستانیش زۆرترین باجی دەدەن. کارەساتەکە لەوەدایە بە مەعسوم بوون لەهەڵە سەیری ئەم سەرکردانە دەکرێ و خراوەتە دەرەوەی بازنەی ڕەخنە، لەهیچ کام لە ڕۆژنامەو گۆڤاروڕادیۆوتەلەفزیۆنەکانی هەردوولەتەکەی ژێر دەستی ئەماندا کەس ناوێری ڕەخنەیەک لەم دوو پیاوە بگرێت، بەڕاستەوخۆییش ڕەخنە لە سیاسەتە سەراپا کەمەرشکێنەکانیان دژ بە بەرژەوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان. دیارە هەمیشەش بەهۆی ئەم سیستماتیکەوە دەوڵەتانی ناوچەکەو زلهێزەکان و تەنانەت ڕژێمی تیاچووی بەعسیش ویستوویانەو دەیانەوێت هاوسەنگییەکی سەربازی و ئیداری و قەڵەمڕەوی ئەم دوو هێزە هەبێت، زیندووترین نموونەش قسەکانی عەبدولاگۆڵە کە پارتی هانی دابوو بۆدەرکردنی پێشمەرگەکانی یەکێتی لەکەرکووک ( کە دیارە هیچ ئۆرگانێکی پارتی ئەو قسەیەی گۆلی ڕەتنەکردەوە، لەبەرامبەریشدا پانکردنەوەو مەراییکردنەکانی سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ تورکمانەکان و دەوڵەتی شۆڤینیستی تورکیا.

لە هەمووشی سامناکتر بە پێوەری کوردایەتی ئەم دوو هێزە، بۆ دەرخستنی تۆخبوونەوەی کوردایەتییەکەیان، هەر لایەنەو لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر هانی باندی چەکداری فەل دەدەن بۆ مۆرەکردن و چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەکردن و دزی وچەتەیی و دەستدرێژی کردنە سەر عەرەبەکان چ ئەوانەی بە تەعریب هاتوونەو چ ئەوانەی لەدێرزەمانیشەوە لەوێن، بە پێچەوانەی ئەو مانشێتانەی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانیان دەدرێت سەبارەت بە دۆستایەتی کوردو عەرەب، کەم بەرپرس هەیە خانووی بۆ خزمی پاسەوانەکانیشی دەستبەسەر نەکردبێت، ، لە کاتێکدا شوێنەواری سڕینەوەی تەعریب میکانیزمی گونجاوی خۆی هەیە، یاسایەکی مۆدێرن و لانی کەم دیموکراتیک ئەم کارە دەبێت بکات، نەک بە گیانی تۆڵەو بکوژەو ببڕەوە، نەک وێنا کردنی ئەو کارە ناشیرین و نامرۆڤانەیە، کە پاشماوی کەلتوری بەعس بە هەڵگەڕاوەیی وێنا دەکەنەوە، نەک خانوو وەرگرتنەوە کە چەندین دەستی کردووە بە فرۆشتن و هەندێکیشیان سەرەنجام بەکورد فرۆشراونەتەوە یان بەکرێدراونەتەوە، . ئەم کارانەش لەخوار خانەقینەوە تا شەنگار دەکرێت، لەلایەک بۆ موزایەدە کردنە بەسەر دەسەڵاتی ناوچەکەی ترو لەلایەکی تریشەوە دەربڕینی دڵسۆزی بۆ ڕاگوێزراوەکان و ڕاکێشانی هەرچی زیاتری بازاڕی سەرنج لە سەر حیسابی ئەوەی تریان.

بەکورتی ئەم دوو حیزبە گەر چیتر خەریکی سیاسەت نەبن لەگەڵ یەکترداو نەبنە داڵدەی کۆنە بەعسییەکان و شێخ چۆپییەکان، هەروەکو لەڕابردوودا بەبیانووی لێبوردنەوە لە ئەنفالچییەکان خۆشبوون و سەدان گەورە بەرپرسی بەعسییان پەنا داو پلەوپایەشیان داپێیان، چیتر خەریکی سەرمایە کۆکردنەوەوگیرفان پەستن نەبن لەسەر حیسابی خەڵکی کوردستان، گەر بەرژەوەندییە عەشایەری و تایەفییەکانیان نەخەنە سەرو بەرژەوەندی باڵای خەڵکەوە، گەر ئەوەندە خۆیان و خەڵکی کوردستان بە ئەمریکا خۆشخەیاڵ نەکەن، لە توانایاندا هەیە لاپەڕەیەکی دووروودرێژ لە ستەمی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان بۆ هەتاهەتایە تەیکەنەوەولانی کەم گەلی کوردستان خاوەنی چارەنووسی خۆی بێت لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراقدا. هەرچەندە من بڕوام وایە قوربانییەکانی خەڵکی کوردستان زۆر لەوە مەزنترە کە ساتوسەودای لەسەربکرێت.

www.kurdistannet.org

له ڕاستیدا باشترین هەلی زێڕینە کە جەماوەری کوردستان بە هەموو شێوەیەک بڕژێنرێتە سەر شەقامەکان بۆ حەقانیترین داخوازی کە داخوازی جیابوونەوەیە، ئێستا ئیتر کاتی ئەوەیە ئەوانەی داوای ڕیفراندۆمیان لە ناو بەیاننامەدا دەکرد، بیهێننە مەیدانی واقیعەوەو، چیتر خەڵکی کوردستان باجی بەیەکەوەنووسانی ئیمپریالیستانەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو نەدات و بە دوونیای ڕابگەیەنێ کە سەربەخۆیی چارەسەری گیروگرفتە کەڵەکەبووەکانی هەشتا نەوەد ساڵە. خەڵکی کوردستان لەمە هەلی زێڕینتری دەست ناکەوێت چ لە چوارچێوەی لانی کەم عێراقێکی فرە حیزبی و دیموکراتیدا بێت مومارەسەی ژیانی شیاوی تاکەکانی بکات، کە من پێم وایە هەرگیز خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بە تەواوی مافەکانی خۆی دەستەبەر ناکات، یان وەکو گەلێک بە دونیای ڕابگەیەنێت کە مافی سەربەخۆیی هەیەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دەوێت، ئەمەش بەرپرسیارێتییەکی ئەوەندە گەورەیە هیچ تاکێکی خەڵکی کوردستان ناتوانێت خۆی بدزێتەوە لە ئاستیدا، هیچ حیزبێکی سیاسی کوردستان و عێراقیش ناتوانن چاو لەم داخوازییە مێژووییەی خەڵکی کوردستان بنوقێنن.

٢٠٠٣/٠٤/٢٢

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت